

# پانتۆڵی جینز باوترین مۆده لەکوردستان

مۆدەی جلوبەرگ بەگوێرەی شێوازی تازە و ڕۆژانە لەمۆدەی نوێ دەست پێدەکات، جلوبەرگ بەگوێرەی جەستە و شێوازی مۆدە و تازەگەرییەوە دەردەکەوێ، لەکاتێکدا چەندین هەنگاوی پێویستە تا دیاریکراو و شیاو بێ، ستایلی جلوبەرگ تەنیا بە جلە مارکەکانەوە نییە، هەندێ جار جلێکی سادە یان مارکەیەکی سادەی هەیە، بەهۆی ئەوەی بەجوانی دروستکراوە یان لەگەڵ شێوازی جەستەت دەگونجێ، بۆیە وا هەست دەکەی کە جلێکی شیاوە بۆ جەستەت، مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە، جلوبەرگ لەو کاتە جوان دەردەکەوێ کە لەگەڵ جەستەتدا بگونجێ، هەروەها بەپێ پێوانەی خۆت بێ، ئەمەش مانای تەواوی گونجاندنی مۆدە و ستایلی جلوبەرگە لەگەڵ شێوازی جەستە، هەر نارێکییەك لە پێوانە هەبێ کار دەکاتە سەر جوانی جەستە، لەکوردستان ژمارەیەکی زۆر لەخانمان حەز بەپۆشینی جینز دەکەن، ئەوەی کە بەکاوبۆی ناسراوە، جوانیی پانتۆڵی جینز لەودایە کە بەئاسانی دەپۆشرێ و تەنانەت مۆدەیەکی پایەبەرزی هەیە، لەگەڵ ئەوەی پێشبینی کرابوو کە هاوینی ئەمساڵ مۆدەی تەنوورەی درێژ و کورت ببێتە مۆدە، کەچی ڕێژەیەکی بەرچاو لەپانتۆڵی جینز مۆدەیەکی بەرچاوی لێکەوتۆتەوە، بەمەش وادەکات کە مۆدەی باو لەکوردستان، پانتۆڵی جینزبێ، بەڵام دەبێ ئەو شێوازە لەپانتۆڵ هەڵبژێرین ئەوەی بەمۆدەی سکارتە، یان لەلای خۆمانەوە بەبۆڕی ناسراوە، ئەمەش یەکێکە لەجوانترین مۆدەکانی پانتۆڵی جینز.

## چۆنییەتی ڕازاندنەوەی ژووری دانیشتن


لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، زیاتر خوانەکان گەرمتر دەبێ و ژووری خواردن کاری زۆری لێوە دەکرێ، کەچی زیاتر ژووری ساڵۆن و دانیشتن گەرم دەبێ و بەهۆی ئەوەی زیاتر لەو مانگەدا خەڵك کۆ دەبنەوە و بەیەکەوە دادەنیشن، لێرەدا گرنگە بزانین چ جۆرە ستایلێکی شیاو بۆ ژووری دانیشتن یان ساڵۆن دابین بکەین، کە جێگەی حەوانەوە و پشوودانە، ئەمەش لەڕێگەی دانانی دیکۆرێکی جوان و شایستە، کە ببێتە مایەی ڕازاوەیی لەو ژوورەدا، هەروەها گۆشە نیگاکانی هەر چوار لایەنی


## ئەنگوستیلەی بچووک بۆ مۆدەی هاوین

دەتوانین دیمەنە جوانەکانی مۆدە و جوانکاری، بەچەندین ڕێگەی گەورە و بچووکەوە بەدەست بهێنین، کە هەریەکە ڕێگەیەکە لەتوانای هەر خانمێکدا هەیە بەئاسانترین شێوە نزیك بێتەوە لەپایە بەرزەکانی جوانکاری و مۆدەوە، بەمەش دەکرێ سوود لەئێکسسوار و کەرەستەکانی جوانکاری وەربگرین، بەمەش ڕێگەیەکی ئەوتۆ دەگرین بە بەدیهێنانی مۆدەیەکی شیاو و کارامە، کە جێگەی سەرنجڕاکێشی و شێوازێکی جوان لە ستایلە تازەکانەوە دابین بکەین.




لەڕێگەی ئێکسسوارەوە دەتوانین بایەخێکی تایبەت بەهێما و ئاراستەکانی جوانیی دەست بدەین، کە هێمای جوانیی دەست لەپەنجە و سەر دەستەکانەوە دەبێ، کە دەکرێ بەدوو جۆرە ئێکسسوارەوە سوود وەربگرین کە ئەوانیش بازنگ و (ئەڵقە و ئەنگوستیلە)یە، هەر یەکە لەوانە جێگایەکی تایبەت دەگرێ لەجوانیی دەست، بەمەش دەبێتە ڕێگەیەك بۆ ڕازاندنەوەی دەست، بەو پێیەی کە جوانیی ئێکسسواری دەست وەك ئەنگوستیلە، گەورەترین شێوەی جوانی دەبەخشێ، بەتایبەت کاتێك ئەو ئەنگوستیلانە لەشێوەیەکی بچووك و ناسکەوە بێ، وەك ئەوەی:






لەسەر شێوەیەکی بازنەیی، یان شێوەیەکی تێکەڵ یاخود دەکرێ لەسەر دیمەنی باڵندەیەکی بچووك بێ، بەڵام زیاتر لەوەرزی هاوین و ئەمساڵدا ئێکسسواری ئەنگوستیلەی شێوە بچووك مۆدە و باوی دەبێ.










ژوورەکە ڕازاوە بکرێ بە کەرەستە و زیاتریش لەوانەدا، چۆنیەتی دانانی کەرەستەکانی قەنەفەیە، یان شوێنی دانیشـــتن گرنگییەکـــی ئەوتۆی هەیـــە لەجوانیی دیکۆری ژوورەکە، هەروەها بۆ دانیشـــتنیش کە شیاو و گونجاو بێ. ئەو مۆدە باوەی بۆ ژووری دانیشـــتن دادەنـــرێ، لەچۆنییەتی دانانی قەنەفەکانەوە، ئەویش

گرنگە قەنەفەکان لەلای پەنجەرەوە بن، بەڵام جوانتر و چاکترە کە ماوەی مەترێك یان کەمتر لەپەنجەرەکەوە دوور بێن، هەروەها دەکرێ ژووری دانیشـــتن کراوە و بێ و کەرەستەکانی لەیەکتر دوور بن، بۆ هاتوچۆکردن بەئاسانی و سادەیی لەنێوان ژوورەکەن، هەروەها دانانی تەلەفزیـــۆن و کەرەســـتەکانی تەکنۆلۆژیـــا، دەکرێ

بەشـــێوەیەکی کەم دابنرێ و تاوەکو میوان و ئەوەی لەو ژوورە دادەنیشـــێ، گرنگی بەو جۆرە شتانەوە نەدات و زیاتر بەئاخاوتن و ســـەرەنجدان خەریك بن، هەروەها هەوڵبدە ڕەنگـــی پەردە و دیوار وەکو یەك بێ، ئەمەش گەورەترین جوانی دەبەخشێتە ژووری دانیشتن.







# ڕەنگی وەنەوشەیی و قاوەیی بۆ پشت چاو

ڕێگاکانی جوانـــکاری و گرنگی دان بەماکیاژ، یەکێکە لەو هەنگاوە ســـەرەکییانەی کە لەڕێگەیەوە دەتوانین سوودێکی گەورە وەربگرین بۆ دابینکردنی جوانییەکـــی ڕەها بۆ ڕووخســـار و چاوی خانمان، ئەمەش بەگوێرەی حەز و خواستی ئەو کەسە دەبێ کە چ جۆرە ماکیاژ و ڕەنگێکی دەوێ تا ماکیاژی بۆ بکات. کەچی پێویستە ئاراستەی ئەو جۆرە جوانییە بزانین کە دەمانەوێ کاری لەسەر بکەین، لەڕێگەی ماکیاژی چاوەوە، جوانییەکی تایبەت بۆ ڕووخسار دابین دەکەیـــن، گرنگترین بەشـــەکانی ماکیاژی چاو، بریتییە لەڕەنگی پشـــت چاو، کە شێوەیەکی بەرچاو و کاریگەری هەیە لەو کاتەی هەنگاوەکانی دیکەش پێویستیان بەدروستی و گرنگیدانە، لەگەڵ هەر ماوەیەك، جـــۆرە مۆدەیەك دەردەکەوێ و دەبێتە ماکیاژی ســـەردەم، بەڵام مەرج نییە گشت خانمان پابەندی ئـــەو مۆدەیە بـــن، دەتوانـــن لەنێوان ئەو ڕەنگانەی کە لەگەڵ ماکیاژی ڕووخسار و ڕەنگی چاویان گونجاو دەبێ ئەو شێوازە هەڵبژێرن و ئەمەش دەبێتە هەڵبژاردنێکی دروست تا ماکیاژێکی شیاو و گونجاوی لەســـەر دابنرێ. مۆدەی ئێستای پشت چاو، بریتییە لەدوو ڕەنگی جوان، ئەوانیش ڕەنگی: (وەنەوشـــەیی وقاوەیی)یـــە، ســـەبارەت بەڕەنگی وەنەوشەیی کە لەگەڵ ڕەنگی سپی تێکەڵ دەکرێ و بەمەش دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی دەبێ، هەروەها ڕەنگـــی قاوەیی دەکرێ لەگەڵ ڕەش تێکەڵ بکرێ و بەمەش جوانترین مۆدەی ماکیاژی چاو دروســـت دەکات.

# ڕەنگی ئاگرین بۆ جلی کوردی



گرنگیی ڕەنگ یەکێکە لـــەکارە تایبەتەکانی بواری مۆدە و جوانکاری، کە گۆڕانکاریی تەواو دەکـــرێ بەڕێگەی دانان و هەڵبژاردنی ڕەنگ بۆ جلوبەرگ یان بۆ دیکۆری ماڵ، ئەمەش وادەکات کە هەر ڕەنگێك شێوازێکی تایبەت بەخۆوە بگرێ، تەنانـــەت وەرزەکانی ســـاڵ، ڕەنگێکـــی تایبەت بەخۆیەوە هەیە، ئەمەش وادەکات کە بواری مۆدە و جوانـــکاری خۆی لەگەڵ مـــۆدە بگونجێنێ و بۆیە خانمان دەتوانن ســـوود لە ڕەنگەکان وەربگرن بۆ دابینکردنی شـــێوازێکی شایســـتە بۆ ڕەنگی جلوبەرگ، لەجلـــی کوردی خانمـــان توانیویانە ســـەرکەتوو بن لەهەڵبژاردنی ڕەنگەکان، کە هەر یەکێـــك جۆرە ڕەنگێـــك بۆ کراس و بەشـــەکانی دیکەی کراسەکە هەڵدەبژێرێ، جوانی جلوبەرگ لەســـەر دوو لایەن دەوەســـتێ، یەکەمیان شـــێواز و ســـتایلی جلەکە، دووەمیش ڕەنگـــی جلەکەیە، کە بەهەردووکیانەوە شـــێوازێکی جوان دەبەخشـــن بەجوانیی جلەکەوە، یەکێك لەو ڕەنگە شـــازانەی کە ڕەنگێکی لێکدراوە و تێکەڵاوە لەنێوان ڕەنگی زەرد و سوور، ئەگەر بەیەکەوە تێکەڵ بێ، ڕەنگی ئاگرینی لێ دەردەچێ، کە ڕەنگێکی شایســـتەیە بۆ جلوبەرگی کوردی، دەتوانین شـــێوازی ڕەنگەکە بەم جۆرە دابەش بکەین لەســـەر کراســـەکە، دەتوانین بەشی سەرەوەی کراسەکە زیاتر لەڕەنگە سوورەکە بێ، لەناوەڕاستیشـــدا دەکرێ ڕەنگی زەرد بەتۆخی دیار بێ، هەروەها لەخوارەوەش دەکرێ ڕەنگی ســـوورەکەی ســـەرەوە لەگەڵ تێکەڵی ڕەنگی زەرد دەربکەوێ، ئەو جـــۆرە هەڵبژاردنەش لەوکاتەوە دەبـــێ کە هەڵبژاردنی قوماشـــەکەیە، دواتریش لەلای بەرگدروو داوا دەکرێ کە بەم جۆرە ستایلی بۆ دابنرێ.

# ساواری خۆمان بەدانوو کوڵاندن

دروستکردنی ساوار ڕێگەیەکی کۆن و کوردانەی هەیـــە، کە لەدانوو کوڵاندنەوە دەســـت پێدەکات و تا دەگاتە ئاش و بەم شـــێوەیە، ســـەرەتا گەنمی ڕەشـــەگوڵ دەهێنێت و دەشـــۆردرێتەوە و پاشان ئامادە دەکرێ بۆ کوڵانـــدن، ئاو گەرم دەکرێ و پاشان گەنمەکەی تێدەکرێ و دانوو لەسەرەتاکانی مانگـــی هەشـــت و نـــۆ دەکوڵێنـــرێ، چاکترە لەمانگی نۆوە بێ، چونکە لەو مانگە فێنك دەبێ و بۆ دوای کوڵاندنی گەنمەکە باشـــە و ڕەنگی زەرد و جوان دەبێ، دانـــوو کوڵاندن نزیکەی دوو کاتژمێری دەوێ تـــا تەواو دەکوڵێ، بەوە دەزانین گەنمەکە کوڵاوە کاتێك ئاوی دانووەکە کەم دەبێ و بەئاگرێکی نـــزم لەکۆتایی دەوێ، دانوو بەدار دەکوڵێنرێ و بەڵام کەرەستەی دیکە دانووەکە یان گەنمەکـــە ڕەش دەکا وەك تایـــە و نەوت، کاتێك کە گەنمەکە دەکوڵێ دەبێ لەپارزوونگ بدرێ و ئاوەکەی نەمێنێ و پاشـــان لەشوێنێك هەڵدەخرێت و ماوەی زیاتر لەڕۆژێکی دەوێ تاوەکو گەنمەکە وشـــك دەبێتەوە و دواتر دەبردرێتە ئاش، لەئاشیش دەکرێتە ساوار، بۆ نموونە ئەگەر فەردەیەك گەنم بکوڵێنین دەبێتە نزیکەی فەردەیەك و نیو ســـاوار، ســـاواری خۆمانە تامی خۆشـــە و وەك ساواری بازرگانـــی نییە، ئەمـــەش بیرۆکەیەکی کوردی کۆنە و لەسەردەمی پێشووشدا کاری لەسەر کراوە، لەدوای لەئاش دانی گەنمەکە، کە جار جار دەبێ بەئاو تەڕ دەکرێ و دواتـــر لەبێژینگ دەدرێ و ئەوەی سەرەوە دەبێتە ســـاوار و خوارەوەش دەبێتە پیرخەنی، پیرخەنیش لەنـــاو خواردن دەکرێ وەك کفتە و دەکرێ بەشلی ئامادە بکرێ و یان لەگەڵ بڕووش تێکەڵ دەکرێ و دەبێتە کفتە.





# درێژترین و بەرزترین پایسکیل

ڕەوەند

پایسکیلســـوارێکی کوبایی بەلێخوڕینی پایسکیلێك بـــە بەرزی پێنج مەترو نیـــو، هەوڵدەدات ناوی خۆی لەکتێبی گینس بـــۆ ژمارە پێوانەیەکان تۆمار بکات. وێنەکانـــی (فلێکس) کـــە لەمیدیاکانـــی جیهانەوە بڵاوکرانـــەوە نیشـــانی دەدات، ئەو دەیەوێ ســـواری بەرزترین پایســـکیلی جیهان بێت و بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیـــەك لەهاوڕێکانـــی لەئەنجامدانـــی ئەو کارە خەریکی کۆمەك کردنن. ئەو کە پیشەی ئاسنگەریی و لەحیمکارییە، بەرزترین پایســـکیلی جیهانی دروست کردووە و ئامانجیشـــی تۆمارکردنی ناویەتی لەکتێبی گینس بـــۆ ژمارە پێوانەییـــەکان، وەك دەگوترێت ئەو پیشەگەرە کوباییە بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٨٣)دا، پایسکیلێکی بەرزی دروستکردووە، بەڵام دوا بەدوای ئەوە ئێســـتا دەیەوێت بەرزترین پایســـکیل سوار بێت لەجیهان.


# درێژترین خێزان لە جیهان

باڵا و بەژنی مرۆڤ بە دەست خۆی نییە و بۆیە مرۆڤەکان لە شێوە و باڵاوە جیاوازن، هەندێك مرۆڤ کورت و ناوەندی و درێژن، کەچی هەندێك هەن ئەوەندە باڵایان بەرزە خەڵکی دیکە شەرم دەکەن لەلایانەوە بوەســـتن، وەك ئەو خێزانە لە وڵاتی هیندســـتان، کە درێژترین خەڵك و خێزانن لە جیهاندا، هەر یەکە لە ئەندامی ئەو خێزانە بە باڵا درێژەکەیەوە بەناوبانگە. گەورە کەسی ئەو خێزانە پیاوێکە کە ناوی (شاراد کۆلکارنی)یە و تەمەنی (٥٧) ساڵە، کەچی باڵای (٢١٣) سەنتیمەترە، ئەمەش واتا درێژترین مرۆڤە لە جیهان، ســـەیرتر لەوە، گشـــت ئەندامانی ئەو خێزانە باڵایان درێژە و هەموویان وەکو یەکن، هەروەها خێزانی ئەو پیاوە کە ناوی (ســـنجوت)ە ئەویش (١٩٨) سەنتیمەتر درێژە، هەروەها هەردوو کچەکەی یەکێکیان (١٩٥) و ئەوەی دیکەش (٢٠٤) ســـەنتیمەترە، ئەگەر درێژیی هەر یەکە لە ئەندامانی ئەو خێزانە کۆ بکەینەوە دەکاتە (٨١٠) ســـەنتیمەتر، واتە زیاتر لە (٨) مەتر، بەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکەن و دەبن بە درێژترین خێزان لە جیهاندا.



# بەرزترین دوو لوتکە چیا لەکوردستان





کوردســـتانی جوان، بەشاخ و چیا بەرزەکانی بەناوبانگـــە، هەر چیا و شـــاخ و کێوێکی هێمایەکی شـــکۆداری و سومبولی شۆڕش و کوردایەتـــی دەنوێنێ، ئەو چیایانە شـــان بەشانی پێشمەرگە لەکاتی شۆڕشەکاندا وەك قەڵغانێك بوون لەبەرانبـــەر دوژمندا، یەکێك لـــەو چیا بەرز و تەنانەت بـــەدوەم بەرزترین لوتکە چیا دادەنرێ لەســـەر ئاستی عێراق و کوردستان، ئەویش لوتکە چیای هەڵگوردە، کـــە بەدووەمین زنجیرە چیا لەعێراق بە بەرزی (٣٦٠٧) مەتر بەرزە لەســـەر ئاســـتی ڕووی دەریا، شـــوێنی جوگرافـــی دەکەوێتە زنجیرە چیاکانی حەسارۆســـت نزیك ســـنووری نێوان عێراق وئێران، ئەو چیایـــە دەکەوێتە ناوچەی ســـەکرانی هەڵگورد کە دەکەوێتە سەر قەزای چۆمـــان، ئەوەی شـــایەنی باســـە هەڵگورد، شێوەی چیای هەڵگورد بەدیمەنێکی شاخاوی و لەزستان و بەهاردا لوتکەی ئەو چیایە بە بەفر دادەپۆشرێ و لەهاوینەش دەبێتە ناوچەیەکی گەشـــتیاری و تەنانەت خەڵکێکی زۆر حەز بەسەیرانی ناوچەکانی دەوروبەری ئەو چیایە دەکەن، ســـەبارەت بە بەرزترین چیا لەعێراق و کوردســـتان، ئەویش چیای شێخەدارە کە دەکەوێتە گوندی کونەدای ســـەر بەشـــاری هەولێر و بەرزیی ئەو چیایە دەگاتە (٣٦١١) مەتـــرە، واتە چەند مە تر ێـــك لەچیای هەڵگورد بەرزترە.




# کاوێس ئاغا بناسە!

لەناو کوردا چەندەها
کەڵە پیاوی بەتوانا و دەنگ خۆش لەبواری
گۆرانی و مەقام و حەیران و لاوك هەن و لەپێشوودا دەرکەوتوون، هەر
یەکە بەدەنگە زوڵاڵەکانیانەوە، چەندین بەرهەم و کاریان بەرهەم هێناوە، یەکێك لەوانە
کاوێس ئاغای لاوکبێژە، ناوی تەواوی (کاوێسی کوڕی ئەحمەدی کوڕی جەمیلی کانەبی
هەرکی )یە، لەساڵی (١٨٨٩) لەناوچەی چوار چەلی لەدایك بووە، هەر لەو شوێنە گەورە بووە و ژیاوە،
سەرەتای ژیانی منداڵی بەگەشت و ڕۆیشتن بووە نێوان ناوچەکانی زۆزان و گەرمیان، بۆیە کاویس ئاغا
کاریگەر بووە بەدەشت و دەری سەوزی کوردستان و دەنگی بولبول و تاڤگەکانەوە سەرسام بووە.
لەدوای کۆچی دوایی (لەیلا)ی دایکی کاوێس ئاغا، لەلای ئەحمەد خانی هەرکی ژیاوە، و دواتر گرنگیی
بەفۆلکلۆری کوردی داوە، لەساڵی (١٩١٥) گەشتی کردووە بۆ ڕواندوز و لەماڵی نەورۆز باویل ئاغا و مەحەمەد حاجی
نەورۆز ژیاوە، دوای ئەو ساڵە واتە لە ١٩١٦ گەشتی کردووە بۆ شەقڵاوە و لەوێ ژیاوە، دواتر ژیانی هاوسەری لەگەڵ
(ئامینەی کچی مەحمود شەریف) پێکهێناوە و چەندین نەوەی دوای خۆی جێهیشتووە، بەرەهەمەکانی کاوێس ئاغا
بەدیالێکتی کرمانجی سەروو بووە، لەگەڵ ئەوەی کاوێس ئاغا لاوکی دەگوت، هەروەها شاعیریش بووە، یەکەمین
بەرهەمی کاوێس ئاغا، بەناوی (گەنج خەلیل) بووە و دواتریش چەندین مەقام و دواتر چەندین جار چاوی کەوتووە
بەشێخ مەحمودی حەفید، لەساڵی ١٩٣٠ کاوێس ئاغا، دوو ئاهەنگی ساز کردووە لەچایخانەی عەلی شکاك
لەقەزای ڕانیە و ئاهەنگی دووەمیشی لەماڵی قائیمقام جەلال سائیب بووە، کاوێس ئاغا لەبواری لاوك گوتنەوە،
خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و بەجۆش بووە، چەندین لاوکی گوتووە بەسەر سەرکردە و کەسایەتییە ناودارەکانی کۆن
و ئاشقان، بەمەش توانی هونەری کوردی پڕ بەرهەم و کاری جوان بکات و تاوەکو لەساڵی (١٩٣٦)
کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی هەرشەم دەنێژرێت، ئێستاش پەیکەری کاوێس ئاغا
لەشارۆچکەی شەقڵاوەیە، وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئەو هونەرمەندە ڕەسەنە.

# جوانترین پارکی جیهان

پارك و باخچە، سیمای شار جوانتر و ڕازاوەتر دەکەن، ئەویش بەکاری جوانکاری لەو پارکە و باخچانە، ئەویش لەڕێگەی دار و بار گوڵ چاندنەوە، لەجیهاندا چەندین باخچە و پارکی بەناوبانگ هەن، وەك دەزانین وڵاتی هۆڵەندا بەگوڵ بەناوبانگە، هەرچی گوڵی سەر زەوی هەیە، لەو وڵاتە دەست دەکەوێ لەجۆرەها بۆن و ڕەنگ و شێوە، بۆیە ئەوانیش لەباخچەیەکی گەورە و پارکێکی بچووکدا، کە ناوی پارکی کیکنهۆفە لەشاری ئەمستردام لەوڵاتی هۆڵەندا، لەو باخچەیە گشت جۆرە گوڵێك هەیە، لەجۆرەها ڕەنگ و جۆرەها شێوە، بۆیە بەجوانترین پارکی جیهان دەناسرێ.



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی قەزایەکی سەر بەشاری سلێمانی بۆ دەربچێ

ی و ن ێ ج پ ن

وەڵامی ژمارەی پێشوو : جۆخینان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەست بەناجێگیری باری دەروونیت دەکەیت، گۆڕانکاری لەناکاو بەڕێوەیەو ڕەنگە گرفتت بێتە پێش، بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەگەر خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگیت، ئەوا ئیمڕۆ جێبەجێی مەکە، چونکە ئەنجامێکی باشی نابێت، لایەنی سۆزداریشت بەرەو باشی ناچێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بارودۆخی ژیانت هەندێك گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات مزگێنی خۆشیشت پێ دەگات، دەرفەتێکی باشیشت بۆ ڕێکدەکەوێت لەبواری خۆشەویستییدا.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەندێك گۆڕانکاری بەرەو کێشەت دەبەن بەتایبەتیش لەبواری داراییەوە، بۆیە ئاگاداری خۆتبەو لەهەموو کارێك نزیك مەبەرەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

چەند پێشهاتێك دێتە پێشەوە کە پاڵت پێوە دەنێت لەبواری کۆمەڵایەتیدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئاگاداری باری تەندروسیتت بە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دڵت شاد دەبێت و کەمێك دەحەسێیتەوە و لەکێشەو گرفت ڕزگارت دەبێت، هەروەها شادو گەشبین دەبیت لەئەنجامی هەڵسوکەتی کەسێکی نزیکت.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (زیوەر) بوو


بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی دیکەی خواردن، بەتایبەت هەولێری چی بەخواردن دەڵێن)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بەمانای (کەسێك لەناکاو تووشی کارەساتێك بێ، چی بەسەر دێ)
- پیتی خانەکانی (٧+٦) کۆبکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی کەم)
- پیتی خانەکانی (٧+٤+١+٢)کۆ بکەیتەوە بەمانای (کەرەستەیەکی لووسی بیناسازییە، لەزەویی ماڵ دەدرێ)






**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕەنگــە ئەمڕۆ بەدڵی تــۆ کارەکان نەڕوات بەڕێوە بەم شێوەیەی کە پلانت بۆ داڕشتووە، بۆیە کەمێك دڵگیر دەبیت و ئارامی و هێمنی خۆت لەدەست دەدەیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەســتێرەی ژۆپیتێــرو نیپتــۆن کــە چوارگۆشــەیان پێکهێنــاوە لــەم ماوەیەدا ئامۆرژگاریــت دەکــەن ئــاگاداری باری داراییــت بیــت، لەگەڵ ئەوەشــدا شــادیت بەردەوامی دەبیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەوانەیە پێوەندیت بەکەسانێکەوە بپچڕێت، ئەگەر بەتەمای پێوەندییەکی سۆزدارییت، ئــەوا کاتەکەی لەبار و گونجاوە، بیری ڕەشیش لەمێشکت وەدەرنێ.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئاســۆ ئاماژە بەکرانەوەی دەرگایەکی نــوێ دەکات، هەروەها بارودۆخێکی خۆشی ڕۆمانسیت دێتە پێش و چەند چاوپێکەوتنێکی گرنگ ئەنجام دەدەیت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

زۆر ئاگاداری خۆت بەو بیروڕای خــۆت بەزۆر مەســەپێنە بەســەر کەســانی دیکــە، هەروەهــا لەبواری تەندروستییەوە هۆشیاربە زیاتر گرنگی بەخۆت بدە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەگەر لــەم ماوەیەدا بــەکاری کڕین و فرۆشــتنەوە خەریکــی، ئەوا پێویســتە زیاتر بچیتە ناو وردەکاریەکانەوە، هەروەها لەوانەیــە ئارەزوویەکــەت بێتــە دی کە کاتەکەی گونجاوە.

## نوکتە

- یەکێك چوو بــۆلای دکتۆری ددان، دکتــۆر ســەیری دەم و ددانی کــرد و گوتی دەبــێ تەقویمــت بــۆ دانێم، گوتی دکتۆر گیان تەقویمی کۆچی یا زاینیی!



| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | | | | | | ١ |
| ■ | | | | | | ■ | | | | | | ٢ |
| | | | ■ | | | | ■ | | | | | ٣ |
| | | | | | | ■ | | | | | | ٤ |
| | ■ | ■ | | | | | | ■ | | | ■ | ٥ |
| | | | ■ | | | | ■ | | | | | ٦ |
| | | | | ■ | ■ | | ■ | | | | | ٧ |
| | | | | ■ | | | | | ■ | | | ٨ |
| | | ■ | | ■ | ■ | ■ | | ■ | | | | ٩ |
| | ■ | | | | | | | ■ | | ■ | | ١٠ |
| ■ | | | | | | | | | | | | ١١ |
| | | | | ■ | | | | | | ■ | | ١٢ |

ئا: ساریە پشدەری

## ئاسۆیی:

١- شاعیری بەناوبانگی شاری کۆیە(پ)- بەرهەمی شیرە
٢- جگەرە – مندالّی نابێت.
٣- کوتانی پێست- چێژ- جۆرە چاوێکە.
٤- پارێزگایەکــی عێراقــە(پ)- پیتێــك+ قورســە بۆیە هەلگری کەمە.
٥- هار – ئامێرێکی میوزیك(پ).
٦- ناوی مەجنون(پ)- ئێستا بە بادینی(پ) – مەرەگە .
٧- بۆ قژ بەکار دەهێنرێت(پ)- ئاگر پەرست.
٨- لاســی نــاو قــەت بــڕاو- مێشــەنگوین ئەیــکات- کرێکار(پ).
٩- پلنگ بە عەرەبی – درەختێکە.
١٠- قوڵترین دەریاچەیە.
١١- سەرۆکی ئێستای میسر.
١٢- گەڕەکێکی کۆنی هەولێرە- چاکەت(پ).

## ســتوونی:

١- لە یەکگرتنی چەند وشە پێك دێت- تقویم.
٢- گۆرانی بێژێکی باکوری کوردستانە.
٣- شوێنی پەرستن(پ)- سابات(پ).
٤- خواردنەوەیەکە – هەزارەیەکی کارە – تووك.
٥- تیری سەر شکاو-لۆ- خەتێکی ئەنتەرنێتە .
٦- ڕێکخراوێکی جیهانیە – ئاداری بێ سەروبن .
٧- پایتەختی کوبا (پ)- چەکێکی شارەوایە(ت).
٨- زنجیرە چیایەکە نزیك کەرکوك – چۆن.
٩- پێ(پ)- ئابلوقە.
١٠- ساونێکە – بەشکە لە جل و بەرگی کوردی – بۆ خانوو بەکاردێت.
١١- پیتێــك + جــووت نییە – ڕەشــماڵ پێچەوانە- یاخود.
١٢- یانەیەکی ئینگلیزیە.

## دیــوانە شــیعر



**ئەحمەد موختار بەگی جاف شاعیر دەڵێ:**

**گەر لە محبوسی خەلاس بم دوشمنانم پەت ئەکەم**
**سووری سەر ئەبلەق لە فەرجی دایکیانا ڕەق ئەکەم**
**بۆ ئەمەی تەرکی خراپی و موفسیدی و بەدزاتی کەن**
**ڕەنگ و ڕویان گشت بە ڕەنگی خاسەڕەنگ خەت خەت ئەکەم**
**ڕوو بەشار و موڵکی ئامەد (من اشاء) دا ئەنێم**
**عاقڵانە تەرکی ڕێگای ناحەز و نەگبەت ئەکەم**
**دۆستانی خۆم بە پارە و ماڵی دنیا شاد ئەکەم**
**حاسید و موفسید هەموو نابووت و بێ سەروەت ئەکەم**
**خەڵقە ئەمڕۆ چونکە حەپسم ڕێگەیی دەستم نیە**
**ناتوانم هیچ بکەم مەجبوورم هەر غەیبەت ئەکەم**

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك